# هونەرمەندێکی بۆکانی و گەڵاڵەی دراوی کوردی

وتارێکی ڕێزدارجەمال نەججارێم لە ماڵپەڕی ڕووداو (٢٠١١/٢/٢٦) دا خوێندەوە کە تێیدا باسی کارێکی بێ وێنەی هونەرمەندێکی بۆکانی کرابوو، بێ وێنە لەباری هونەری و سیاسییەوە هەردوو.

هونەرمەندی جێی باس، ڕێزدار"ئاسۆ مام زادە"یە کە گەڵاڵەی سێ چەشن پارەی داڕشتووە بۆئەوەی لە داهاتووی سەروەری و سەرفرازی و سەربەخۆیی گەلی کورددا وەک ئەسکیناس (بانک نۆت) ی کوردی کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

من لەم زنجیرە ووتارەدا دەبوایە گەلێک پێش ئێستا باسی ئەو هونەرمەندە لێهاتووەی گەلەکەمانم بکردایە بەڵام بەداخەوە زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر ژیان و کارەکانی جگە لەوانەی لێرە ولەوێ لە چاپەمەنییەکاندا چاوم پێیان کەوتبێت نەبووە و هەر ئەوەش هۆکاری کەمتەرخەمییەکەم بووە. وا لێرەدا کەڵک لە ووتاری کاک جەمال و شاکاری سیاسی-هونەریی کاک ئاسۆ وەردەگرم بۆئەوەی هونەرمەندەکەمان و کارە بێ وێنەکەی بە خوێنەرانی "بۆکان لەمێژوودا" بناسێنم و بەشێکی کەم لەو کەمتەرخەمییەی پێ قەرەبوو بکەمەوە.

ئەوە ووتارەکەی کاک جەمەل لە ماڵپەڕی ڕووداو دا:



## وەک هەوڵێک بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشوور، دیزاینەرێکی ڕۆژهەڵات دراوی کوردی دیزاین کرد

ڕۆژهەڵات تایمز- جەمال نەجاری؛ دامەزرانی دەوڵەتی کوردی هەر لە کۆنەوە خەونی هەموو کوردێک بووە و لەو پێناوەشدا ساڵانێکی زۆرە خەبات دەکات و بەقەد باڵای هەموو مێژووی نیشتمان شەهیدی داوە، بەڵام کەسانێك لەناو جەرگەی ئەو مێژووە دا هەڵکەوتوون کە جیاوازتر لە خەڵك بیریان کردۆتەوە و کاریان بۆ گەیشتن بەو پرۆسەیە کردووە .سەرکردەکان، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندانی کورد لە هەموو بوارەکان دا و هتد... بەڵام دەتوانین بڵێین لە نێو هونەرمەندانی بەناوبانگی کورد، هونەرمەند

ئاسۆ مامزاده بەوپەڕی گەشبینی بە داهاتووی نیشتمان، پرۆژەیەکی دەست پێکردووە کە ئێستا خەریکە بە ئامانج دەگات، پرۆژەی دیزاینی پارەی کوردییە.
لە باشووری کوردستان لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکە نارەزاییەکی ناوخۆیی بە خۆوە بینیوە بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە نەورۆزی ئەمساڵدا سەربەخۆیی باشووری کوردستان رادەگەیەندرێت و بۆ ئەم مەبەستەش مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئوروپای کردووە و دەگوترێ پشتیوانی پتر لە ٢٠ وڵاتی ئوروپی و رۆژئاوایی لە سەربەخۆیی کوردستان بەدەست هاتووە، هەواڵی راگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان هەواڵێکی دڵخۆشکەرەو بۆ ئەوانەی تامەزرۆی سەربەخۆیین، لەم پەیوەندییەدا هونەرمەند و دیزاینێری رۆژهەڵاتی کوردستان "ئاسۆ مامزادە "لە هەوڵێکدا سێ نموونە لە دراوی کوردی لە سەر پەیجی خۆی لە فەیس بووک بڵاوکردۆتەوە کە ناوی بانکی ناوەندی کۆماری کوردستانی لەسەر و بە وێنەی سەرکردەکانی کورد پێشەوا قازی محەمەد و مستەفا بارزانی و شەرەفخانی بەتلیسی مێژوونووسی بەناوبانگی کورد رازاوەتەوە.
ئاسۆ مامزادە خەڵکی شاری بۆکانی رۆژهەلاتی کوردستانە و ماوەی چەندین ساڵە بە کاری هونەری دیزانەوە سەرقاڵە و شوێن پەنجەی بە سەر هونەری دیزانەوە دیارە و چەندین پرۆژەی بەرچاوی بە ئەنجام گەیاندووە کە دیزاینی پۆستەری کۆنفرانس و کتێبی ئەنفال یەک لەو کارانەیە کە دەنگدانەوەی باشی هەبوو، ئێستا لە شاری هەولێر پایتەختی باشووری کوردستان نیشتەجێیە و لە پاش سالانێکی زۆر ئێستا دیزاینی دروای کوردی بە ئەنجام گەیاندووە و سێ نموونەی دراوی کوردی بڵاو کردۆتەوە.
ئەم هونەرمەندە لە سەرەتاکانی دەیەی ٩٠ی زاییینییەوە دەستی بەو پرۆژەیە کرد و یەکەم بەرهەمیشی بە وێنەی ئەحمەدی خانی دەست پێکرد، پاش هاتن بۆ باشووری کوردستان هەر بەردەوام بوو و ئێستا ٣ بەرهەمی تری ئامادەن بە وێنەکانی ـ (پێشەوا قازی محەممەد) ـ ( مەلا مستەفا بارزانی) و )شەڕەفخانی بەتلیسی.(خۆی دەڵێت :پرۆژەکە بەردەوامە و پارەکانی تر بە پێی بەرنامەی خۆی، وێنەکانی "شێخ مەحموودی نەمر ـ پیرەمێرد ـ مەستوورەی ئەردەڵان و چەندین کەسایەتیی گەورەی کورد لە بوارەکانی سیاسەت و هونەر و ئەدەب لەخۆ دەگرن" هونەرمەند چاوەڕێی بڕیارێکی سیاسییە بۆئەوەی پاش رەچاوکردنی لایەنە مێژوویی و سیاسییەکان، کارەکە بە ئەنجام بگەیێنێت و پێشکەشی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی بکات.
لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز ئاسۆ مامزادە سەبارەت بەوەی کە لە کەیەوە دەستت بە دیزاینی دراوی کوردی کردوو ە و چۆن ئەم بیرۆکەیەت بە مێشکدا هات، گوتی: "لە ساڵی ١٩٩٤ەوە خولیای دیزاینی پارەی کوردییم هەبووە و ئەوکات کە هێشتا بە کۆمپیوتێر کارم نەدەکرد، بە دەست چەند نموونەیەکم دیزاین کرد، پاش فێربوونی کۆمپیوتێر یەکەم دیزاینێك کە کردم وێنەی ئەحمەدی خانی لەسەر بوو، پاش هاتنم بۆ باشووری کوردستان، لە تەنیشت کار و پرۆژەکانی ترم دا، هەر لەسەر ئەو پرۆژەیە بەردەوام بووم و ئێستا ٣دیزاینی تر بە وێنەکانی پێشەوا و شەڕەفخان و بارزانی ئامادەن و خەریکی دیزاینی پارەکانی کەم کە لە داهاتوودا دەکەونە بەر چاوی خەڵکی کوردستان و جیهان."
دەربارەی ئەوەی کە بۆچی ئەم پرۆژەیە ئێستا بڵاو دەکرێتەوە؟ ئایا بارودۆخی باشووری کوردستان بە گونجاو دەزانی بۆ بلاو کردنەوەی ئەم نموونانە، ئاسۆ مامزادە رایگەیاند: "پێشتر ساڵی ٢٠٠٨ کاتێك بیستم د. فەرهاد پیربالْ بۆ جارێکی تر ماڵی شەڕەفخان لە هەولێر دەکاتەوە ئاگادارم کردەوە کە شتێکی وا هەیە و وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی، ئەو دراوەی وێنەی شەڕەفخانی لەسەر نەخشێنرابوو بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆر لە راگەیاندنەکانی کوردستان، لە لایەن مامۆستای خۆشەویستم مامۆستا نامۆوە پەردەی لەسەر لادرا. بەڵام پاشان لەگەڵ ئەوەی دۆستانی نزیك و خەڵکانێکی زۆر داوای بڵاو کردنەوەی پرۆژەکەیان دەکرد، بەڵام من لەبەر مەسەلەی ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان، بێدەنگییم لێ هێنا تا ئێستا کە پێموایە کاتی خۆیەتی."
دەربارەی ئەوەی کە مەسەلەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان تا چەند جیدییە و ئەم پرۆژەیە چۆن خزمەت بە هەستی نەتەوایەتی دەکات، مامزادە وتی: "وەك هەموومان دەزانیین لەو ساڵانەی رابردوودا کە تا ئێستاش بەردەوامە، کۆمەڵێك شت روویانداوە کە ناتوانیین بە ئیتتفاق ناویان ببەین، وەك پێشوازیی

سەرۆك كۆمارەكانی ئامریكا و فەڕانسە لە سەرۆكی هەرێمی كوردستان وەك هاوتای خۆیان و هەروەها چەندین سەردانی گرینگ بۆ وڵاتانی تر و لە چەند رۆژی رابردووش دا بەخشینی خەڵاتی ئاتلانتیك بە سەركردەیەكی كورد، هەروەها بارودۆخی ئابووریی ئێستای كوردستان و هەوڵە دیپلۆماسییەكانی سەركردایەتیی سیاسیی كورد لە ئاستی عێراق و جیهاندا، كردنەوەی ١٨ كونسوولخانە لە هەولێر و هتد... ئەوانە هەموو هێمان بۆ ئامادەبوونی هەرێمی كوردستان بۆوەی سەربەخۆیی وەرگرێت و ئەوەش بە مافی خۆمان دەزانم.
پرۆژەكەی منیش دڵنیام كاریگەریی دەبێت لەسەر ئیعتماد بەنەفسی گەلەكەم و تا رادەیەكی زۆر بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و وەبیرهێنانەوەی میللەتی كورد كە ئێمەش دەتوانین دەوڵەتمان هەبێت و مافی چارەی خۆنووسینمان هەیە ."
لە كۆتاییدا ئەوەم لێپرسی؛ چەند پێت وایە لەو پرۆژەیەدا سەركەوتووی و چاوەڕوانیت لە دەسەڵاتی كوردی لە باشووری كوردستان چییە،ئاسۆ مامزادە رایگەیاند: "جارێ ناتوانم بڵێم بە تەواوی سەركەوتووم چونكە بۆ هەرچی جوانتر بەئەنجام گەیاندنی ئەو پڕۆژەیە پێویستییم بە پشتگیریی ماددی و مەعنەویی سەركردایەتیی سیاسیی كورد هەیە، لەبەر ئەوەی خەمی كاری كەم نەبێت و لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ موتیڤە كۆنەكانی كوردستان بكەم و بە مۆدێرنیزە كردنی موتیڤە كۆنەكانمان پرۆژەكە دەوڵەمەندتر بكەم، چونكە گەر بە جیددی كات بۆ پرۆژەكە تەرخان نەكەم لە باری هونەرییشەوە لاواز دەبێت. بە دڵنیاییشەوە پێویستییم بە هاوكاریی فیكریی هەموو مێژوونووسان و رووناكبیرانی نیشتمانپەروەر دەبێت."
شایەنی باسە لەبەر لایەنی ئاسایشی نیشتمانیی كوردستان، ئاسۆ مامزادە تا ئێستا راگەیاندنێكی بەرفراوانی بۆ پرۆژەكە ئەنجام نەداوە، تەنیا دراوەكەی شەڕەفخان نەبێ كە لە ٢٠٠٨/٨/٢٥ لە مەراسیمی كردنەوەی ماڵی شەڕەفخان لە هەولێر پەردەی لەسەر لادرا.
ئەوەش وێنەی سێ ئەسكیناس (بانک نۆت) ەكان كە یادی سێ گەورەپیاوی مێژووی كورد، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەوا قازی محەممەد، و بارزانی نەمری زیندوو ڕادەگرێت:







2000
DIRAW
بانکی ناوەندیی کۆماری کوردستان
BANKA NAVENDIYA KOMARA KURDISTANÊ
2000
General Mustafa Barzani
2000
2000


2000
2000
ZH - 900082542
CENTRAL BANK
OF THE REPUBLIC OF
KURDISTAN
Perînewe Mezinekey
Barzanî û Hevalanî le
Çemî Aras
1946 - 1947
2000
TOW HUNDREDS DIRAW
2000
ZH - 900082542
2000


100
بانکی ناوەندیی کۆماری کوردستان
BANKA NAVENDIYA KOMARA KURDISTANE
DIRAW
100
100


ZH - 900082540
100
CENTRAL BANK
OF THE REPUBLIC OF
KURDISTAN
ZH - 900082540
ONE HUNDRED DIRAW